## سودانی: ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵ لە حکومەتەکەماندا بەدەست هات نە هەڵکەوت بوو و نە موزایەدە



ئەمڕۆ یەکشەممە "محەممەد شیاع سوودانی" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،جەختی لەوە کردەوە کە ئەوەی حکومەت لە ماوەی سێ ساڵدا بەدەستی هێناوە، نە هەڵکەوت بووە و نە موزایەدە، بەڵکو دەرئەنجامی بەدواداچوونی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنێکی هۆشیارانە بووە کە ویستوویەتی دەوڵەت بکاتە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردن و خزمەتگوزاری.

"سوودانی"لە وتارێکدا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری هەڵبژاردن کە ئەمڕۆ لە پارێزگای نەجەفی ئەشرەف بەڕێوەچوو و موتابەعە بەدواداچوونی بۆ کرد، ڕایگەیاند: لە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتەکەمانەوە بڕیارماندا قسەکان لەپشت خۆمان جێبهێڵین تا ئامانج و ئامرازەکەمان لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا کار بێت.

ووتیشی : عێراقییەکان دەیانویست دەستکەوت و هەنگاوی بەرجەستە ببینن کە واقیعیان بگۆڕێت و متمانەیان پێ بگەڕێنێتەوە بۆ قوربانییە گەورانەی کە لە پێناو سیستەمی سیاسی دیموکراسی و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا داویانە.

ڕاشیگەیاند : ئەمە بەپێی پلانێک کار دەکەین کە زووتر لەوەی چاوەڕێمان دەکرد، دەستی بە بەرهەمدان کردووە.

ئاماژەی بەوەشدا : ئەوەی لە حکومەتەکەماندا لە ماوەی سێ ساڵدا بەدەست هاتوە، نە هەڵکەوت بووە و نە موزایەدە، بەڵکو دەرئەنجامی بەدواداچوونی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنەکی هۆشیارانە بووە کە ویستوویەتی دەوڵەت بکاتە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردن و خزمەتگوزاری.

لە درێژەی قسەکانیدا ووتی : پڕۆگرامی حکومەت لەگەڵ بانگەواز و تێبینی و ڕێنماییەکانی مەرجەعییەتی باڵای ئایینی لە نەجەفی ئەشرەفدا یەکیان گرت، لە بنیاتنانی عێراقێکی دادپەروەر و خۆشگوزەران کە یاسا حوکمی بکات و گەندەڵی تێدا بنبڕ بکرێت و شکۆی دەوڵەت بپارێزرێت لە ڕێگەی سەربەخۆیی بڕیاری نیشتمانی و چەک بە دەستی دەوڵەت و ڕێگریکردن لە دەستتێوەردانە دەرەکییەکان.

ڕوونیشیکردەوە: بە تەواوی دڵنیا بووینەوە کە لەسەر ڕێگای ڕاستین کاتێک مەرجەعییەتی بەڕێز ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە عێراقییەکان پلانی زانستی و پراکتیکی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ئامادە بکەن، بە پشتبەستن بە بنەمای لێهاتوویی لە وەرگرتنی پۆستەکانی بەرپرسیارێتیدا.

سەرۆکوەزیران لە درێژەی وتارەکەیدا ئەوەشی خستە ڕوو : ئەمە کاری لە پێشینەمان بە خزمەتگوزارییەکان، کە ڕۆژانە خەڵک بە حکومەتەوە دەبەستێتەوە، و نەجەفی ئەشرەفیش دوور نەبووە لە پلانەکانمان، و ئەمڕۆ ڕێککەوتنێکی چوارچێوەییمان لەگەڵ تورکیا واژۆ کرد کە کێشەی قەیرانی ئاو چارەسەر دەکات کە هەموو پارێزگاکان پێوەی دەناڵێنن، ئەمەش واتای بەدەستهێنانی بەردەوامی ئاوی پێویست، و بەپێی ئەمەش پلانی کشتوکاڵی زستانەی ئەم وەرزە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو پەسەند دەکرێت.